# زامەكانی ئەنفال –چاوپێكەوتن(3)

عەدالەت عومەر سالح
چالاك لە بواری ئەنفال

دەستدرێژی كردنەسەر ئافرەتی بەندكراو ئازاردانیان لە عێراق دوور لە هەموو داب و نەریتێكی مرۆڤایەتی یەكێك بووە لە ئامانجە هەرە سەرەكییەكانی رژێمی عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا ولەهەموو شوێنی زیاتر بەلگەی بە دەستەوەیە و تەنانەت وا زانراوە كە لە سەركاسێتی ڤیدیۆش تۆمار كرابێت، ئافرەتێكی دەرباز بووی گوندی (قیرچە) لە چاوپێكەوتنێكی لەگەڵ (MEW) دەڵێت "من خەفەت بۆ ئەو ئافرەتە گەنجانە دەخۆم، چونكە نازانین چیان بەسەر هاتوە، ئەوان زۆر جوان بوون، باشە چ گوناهێكیان هەبوو"...

رەنگ و رۆخساری زەرد هەڵگرابوو و نائارام و بێ قرار ، جۆرێ هەڵچوونێكی پیوە دیار بوو، زۆر بێزار بوو لەو بارو دۆخەی كە تێیدا دەژیا،هەرچەندە ئەو بە قوربانیدانی ئازادی كردبووە خەلاتی نەتەوەكەی بەلام كەمتر دڵی بەم رۆژگارە خۆش بوو ، چونكە وەك خۆی دەڵێت چیدیكە توانای كار كردنی نەماوەو ئاماژەی بە دەستەكانی كرد وەك نموونە كە چۆن پینەیان بە ستووە شەقار بوونە ، بە چاوی پرلە فرمێسكەوە وتی "ئەوەیە پاداشتی قوربانیدان"، ئەو قوڵپی گریان لە گەرویدا پەنگی خواردبویەوە تا دەهات فرمێسكە كانی بە خێرایەكی زیاتر كاسەی چاوە پڕ لە تاسەكانی بە جێدەهێشت بە گۆشەیەكی سەرپۆشە رەشەكەی فرمێسكە كانی دەسریەوە تاوەكو بتوانێت ئەوەی لە ناخی خنكێراویدایە باسی لێوە بكات، ئەو سەرپۆشەرەشەی كە لە دوای بێ سەرو شوێنكردنی باوك براو خوشكەكانی تائێستا بەیداخێكی رەشە بەسەریەوە گووتیشی "حەز دەكەم بمرم و رزگارم بێت،وەكو باوك و براكان و خوشكەكانم كە ئەنفال كران".

ئەمە دیمەن و سەرەتای دەست پێكی قسەكانی (ژیان ) بوو كە لە تەمەنی(16) ساڵی لەگەڵ خێزانەكەیی بەر شالآوی ئەنفال كەوتوون، لەم سەفەرە شوومەدا (4) كەس لە خێزانەكەی هەرگیز نەگەڕاونەتەوە، ئەم كچەو دایكە خێر لە خۆ نەدیوەكەی چیرۆكی و بە سەر هاتی زۆریان لایە هەر لە كاتی دەست بە سەركردنیان و گواستنەوەیان بۆ سەربازگەی تۆبزاوا تا ئەو كاتەی رەوانەی سەربازگەی دوبز دەكرین و دواتریش ...

بەسەر هاتی ژیان هەوینی چەندین رۆمان و چیرۆكە و ئەم بابەتەی ئێمەشە مشتێكە لە خەرواری نەهامەتیەكان ئەو خێزانە، ژیان باس لە ئازار و ئەشكنجەدان و سوكایەتی پیاوانی رژێم دەكات كە لە سەرەتا تا كۆتایی لەگەڵ گریان دا ئاوێتە ببوو،"ژیان گووتی": ئەو شەوەی كە بەیانی دیبەكەیان وێران كرد خەڵك گشتی سەرگردان و مال وێران بوو ئیمەش ئەنفال كراین پاش ئەوەی دەست بە سەر كراین هەمووومانیان كۆ كردەوە بە چوار دەوریشمان عەسكەر وەستا بوو كۆپتەریش بە ئاسماندا ئەگەڕا , كۆمەڵێ سەیارەی كۆستەریان هێنابوو, عەسكەرەكان وەك سەگی هار كەوتنە ناومان هەر چی زەلام بوو جیایان كردەوە دایكم بە توندی قۆڵی باوك و براكمی گرتەبوو بەری نەئەدا عەسكەرەكان پالیان پێوە نا خستیانە ئەرز بە شەق و قۆناغە تفەنگ كەوتنە گیانی دایكم، باوكم هاواری كرد و منو خوشك و براكانم و ئەو خەڵكەی كە لەگەڵمان بوون لە ترسا حەپسابووین ئیتر ئەوە بوو هەموومان رازی بووین بە جیاكردنەوەكە زیرەمان چوو بوو بە ئاسمان ئەگریاین، ئیمەیان سواری سەیارە كرد تاكو بەیانی ئیمەیان لە ناو سەیارەكان راگرت و دواتر بەرو كەركوك بەرێ خراین بەڵام لە كەركوك لایەن نەدا بردمانیان بۆ تۆبزاوا لەوەێ جارێكی تر چاومان بە باوك و برا گەورەكەم كەوت لە تۆبزاوا خەلكێكی زۆری لێ بوو نازانم ئەو هەموو خەڵكیان لە كوێ هینا بوو، دواتر دەستیان كرد بە ناو نووسین ناو نیشانیان و دوای لە بارەی ئیش و كار و خزم وكەس ئەیان پرسی دوای تەحقیق دووبارە جیایان كردینەوە من لەگەڵ دایكم وخوشك برا بچووكەكەم پێكەوە بووین سێ شەو و سێ رۆژلە تۆبزاوا ماینەوە برسی و تینوو و ماندوو شەكەت ببووین دایكم لە خەمی باوك و

براکم وەك شێتی لێ هاتبووو دواتر ڕەوانەی سەربازگەی دوبز کراین بە بێ ئەوەی بزانین ئەوانەی لێمان جیاکرابوونەوە چییان بەسەر هات .

لە دوبز لە قاعەیەکی بچووك بووین نزیکەی 40 خیزان دەبووین جێگای جوولانەوەمان نەبوو ڕۆژانە دوو جار هیندێك سەموونی رق و شووربا لەگەڵ ئاوێکی بۆگەنیان پێ ئەدایین ، پاش ماوەیەك نەخۆشیمان تێکەوت سکچوون و ڕەشانەوەو تا و لەرز بە جۆرێك گەورە وبچووك بەرگەی نەدەگرت و ڕۆژانە 3تا 4 کەس دەمردن،ڕۆژیك خوشك و برا بچوکەکەم حالیان زۆر خراپ بوو جەستەیان زۆر لاواز و باریك ببوو ،ژیان ئەمانەی بە دەم گریان و ئاهێکی سارد بۆی دەگێرامەوەبەردەوام دەیووت ئەوان داوای ئاویان دەکرد و دەگریان، دایکیشم بە دەم گریان هاواری بۆ خوا دەبرد لە خۆی دەدا چونکە منداڵەکانی داوای شتێکی ساردیان لێ دەکرد قاعەکە یەکپارچە ببوو بە گریان وهاوار حەرسەکان هاتن ژوورەوە بە قامچی کەوتنە گیانی هەمووان و گوتیان ئەوەی فەزە بکات ئەیکوژین ،لە ناکاو قیژەی دایکم هەموومانی ڕاچڵەکاند ڕۆحی سپی براکم بەرو ئاسمان فڕی وگیانی سپارد جلادەکان هاتن و بەزۆر جەستەی بێرۆحی براکەمیان لە باوشی دایکم دەرهێنا و بردیان نەمانزانی چیان لێ کرد ئەو جەختی لەوە کردەوە کە پاش روخانی سەدام گۆرێکی منداڵانیان لە دوبز دۆزیوەتەوە کە هی ئەو منداڵانە بووە کە لە سەربازگەی دوبز مردون و پیاوەکانی ڕژیم فڕێیان داون ناو مزگەووتی دوبز خەڵکی ناوچەکەش بە خێری خۆیان ناشتوویانن، بەلام پێیان ووتراوە کە بە بێ ناو نیشان بیانێژن هەربۆیەئەو دڵنیا نەبوو بە لاّم وتی "پێم وایە خوشك وبراکەی منیش لەوێبن"، چونکە پاش چەند ڕۆژێك هەر وەکو براکەی خوشکەکەشی گیانی سپاردوە ،" ژیان ڕۆژگاری تاڵی دایکی بە بیرهێنایەوە کە چۆن دایکی  بە دەم فرمیسك و هەنسکەوە ولاواز وبێ هێز ببوو" لە لایەك براو باوکم هیچ سوراخێکیان نەبوەو لە لایەکی تر لە ماوەی چەند ڕۆژیك دوو جار جەرگی سووتابوە هەر بۆیە "منی توونند لە باوەش گرتە بوو مبادا منیشی لە دەست بڕۆم" .

ژیان زیاتر ڕوونی دەکاتەوەو باس لە کەسانی ناو ئەو هۆڵەکە دەکاتن کە تێیدا بوونە و دەڵێت کە ڕۆژیك یەکێك لە ژنەکان دووگیان بوو ژانی مناڵ بوونیگرت ژنەکانی تر داوایان لە حرسەکان کرد تاکو هێندی شتی پیویستیان بدەنێ، بەلاّم ئەوان لە جیاتی یارمەتی دان گەورەی خویان ئاگادار کردەوە نزیکەی (10) کەس دەبوون هاتوون و بە دیار دیمەنی منداڵ بوونەکەوە ڕاوەستان سەرباری ئەوەش دەستیان کردوە بە جێنودان و گاڵتە و پێکەنین،  "هەموو ژنەکان هیوایان دەخواست ئەوکاتە مردەبان و ئەمەیان نەدیبا منیش هیچ کات ئەمم لە بیر ناچێتەوە".

کاتێك لە بارەی کچە گەنجەکانی وەك خۆی لێم پرسی "ژیان بە ئاهێکی ساردەوە باسی لەو کچانە کرد کە لە تەمەنی خۆیدا بوون و ووتی" هەر دوو سێ شەو جارێك کچ و ژنە گەنجەکانیان کۆ دەکردەوە بە زۆری شەق پێلەقە هەڵپرکێ و گۆرانیان پێدەووتین ئەوەی بە قسەی نەکردەبان بە قامچی لێیان دەدا دوایش چەند کەسیکیان دەهێشتەوە و ئەوانی تریان ڕوانەی قاعە دەکردەوە ، کاتێك دەهاتینەوە ناو قاعەکە هەموومان پێکەو دەگریاین لەبەر بێدەسەلاتی خۆمان زۆر بێتاقەت بووین ڕۆژی سەد جار مەرگی خۆمان دەخواست "، هەروەها گوتی "بە دایکم دەگووت دایە خۆزگە من لە جیاتی خوشك و براکەم مردبام چوونکە ... ، گریان بواری نەدەدا کە قسەکانی تەواو بکات، ئیستا کە خەریکم ئەو چاوپێکەوتنە دەنووسمەوە بیر لە سەدامی دیکتاتۆری گۆڕبە گۆڕ دەکەمەوە کە لە ناو هۆڵی دادگا قۆرئانی لە ناو دەستی دابوو هۆتافی دەکێشاو هاواری دەکرد و ووتی مومکین نیە لە ژیر حوکمی من سوکایەتی بە ئافرەت کرا بێت من ئەوە ڕەتدەکەمەوە، دەنگی ژیان وەك بەڵگەیەك لەناو گوێچکەم دایە کە بە هەڵکێشانی هەناسەیەك " ووتی چەند جار لە سەربازگەی دوبز سووکایەتیم دەرهەق کراوە و سووکایەتی بە ڕەوشت و کرامەتم  کراوە کە بە بیرم دێتەوە ئازارێك هەموو ئیسقانم دەسووتێنێت "، لە مەڕ ئامادە بوونی بۆ بەردەم دادگا بەمەبەستی شایەتی دان بەهێمنی سەری هەڵبڕی و تەماشای دایکی کردو  وتی "لە زوەوە بریارم داوە، بەلاّم دایکم ڕێگام پێ نادات"، وێرای هەولێکی زۆرم بۆ ڕازیکردنی دایکی، بەلاّم بێ سود بوو،وەك دایکی دەڵێت "لێمان گەرێن با خۆمان لەگەڵ خەمەکانی خۆمان سەر بێنینەوە.